خولی ئیتاڵیا... یانێی ناپۆلی بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە کالیاری بردەوە و بووە پاڵەوان

لە خولی ئیتاڵیا یانێی ناپۆلی بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە کالیاری بردەوە و بووە پاڵەوان ئینتەریش شکستی بە کەم هێنا.

لە یارییەکانی کۆتا هەفتەی خولی ئیتاڵیا ناپۆلی پێشێنگ لە یاریگای دیگە ئارماندە مارادۆنای تایبەت بە خۆی میوانداری کالیاری کرد.

تایمی یەکەم، تیپەکەی کۆنتی بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵی تەمارکردنی گۆڵیان دەدا، لە خولەکی 42ی یارییەکەش ماکتەمینای ئامانجەکەی بەدیهێنا و گۆڵی یەکەمی نوسییەوە.

لە تایمی دووەم، یارییەکە بە هەمان سیناریۆ درێژەی کێشا، ناپۆلی بەردەوامبوو لە فشارکردن تاکو رەمیلە لوکاکە لە خولەکی 51 گۆڵی دووەم و دۆنیایی هەنایە بەرهەم، تا کۆتاییش ئەنجامەکە بەو شێوەیە مایەوە.

سەرەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە سودی ناپێلی کۆتایی هات، بەو ئەنجامە تیپەکەی کۆنتی بووە پاڵەوان و بە چوارەم جار لە مەژوویاندا نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

لە یارییەکی دیکەی هەمان هەفتەش ئینتەر میلان لە کەمەی بردەوە و لە پلەی دووەم کۆتایی بەم وەرزەی سەریا ئێی هێنا.